رانیە: دوای ژنخواستن بریندار دەکرێ

ئێوارەی رۆژی ٢٢-٨-٢٠٠٨ کەسێک بە ناوی (ک.ج) دانیشتووی گوندی (گ)ی دەڤەری رانیە لەگەڵ کەسوکاری دەچێتە داخوازی کچێک بەناوی (س.ق) و مارەی دەبڕێ، دوایی بە دڵخۆشیەوە بۆ ماڵەوە دەگەڕێنەوە، بەڵام شەوی دوایی چەند کەسێکی نەناسراو دەچنە سەر ماڵەکەی و بۆ شوێنێکی نادیار دەیڕفێنن، دوای ئەوەی بەچەقۆ زامداری دەکەن، لە کەلاوەیەک فڕێی دەدەن، پاشان کەسێک دەیدۆزێتەوە، لانی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە بەپەلە رەوانەی نەخۆشخانەی رانیەی دەکەن.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لەنێو خەڵک دەنگۆی ئەوە هەیە کە خزمۆکەسی کچەکە ئەو کارەیان بەسەر هێناوەو مەبەستیشیان هەڵوەشاندنەوەی ئەو هاوسەرگیریە بووە، بەڵام ئەم دەنگۆیە لەلایەن کەسە نزیکەکانی هەردوو لا سەر راست نەکراوەتەوە.

شەقڵاوە: کچێک دەسووتێ

رۆژی٢٣-٨-٢٠٠٨ کچێکی فێرخوازی تەمەن هەژدە ساڵان بەناوی (ه.س) دانیشتووی شارۆچکەی شەقڵاوە کە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەییە، لەکاتی چێشتلێناندا غاز دەتەقی و بەسەختی برینداری دەکات، بەوهۆیەوە رەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە رۆژی دوایی گیان لە دەست دەدات.

دەربەندیخان: لە هەفتەیەکدا چوار کەس دەرمانخواردوو دەبن

رۆژی ٢٠-٨-٢٠٠٨ کچێکی تەمەن شازدە ساڵان بەناوی (گ.م) دانیشتووی شارۆچکەی دەربەندیخان خۆی دەرمانخواردوو کردووەو رەوانەی نەخۆشخانەی کراوە، بەڵام خۆشبەختانە لە مردن رزگاری بووە.

بەگوێرەی هەواڵەکان تەنیا لەیەک هەفتەدا چوار حاڵەتی خۆ دەرمانخواردووکردن لە شارۆچکەی دەربەندیخان ڕوویداوە.

بەگوێرەی هەواڵەکان هەر چوار کەسەکەش کچ بوونەو لەبەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی خۆیان دەرمانخواردوو کردووەو مەبەستیشیان خۆ کوشتن بووە.

سەید سادق:سەرنووسەری مانگنامەی بڕەو دەستگیر دەکرێ

رۆژی ٢٧-٨-٢٠٠٨ **مەریوان تۆفیق** سەرنووسەری مانگنامەی بڕەو لەسەر بابەتێکی تەنز ئامێز دەستگیر کرا.

بەگوێرەی زانیاریەکان رۆژی ٢٨ی ئاب نووسەری دەستگیراکراو بۆ شاری سلێمانی گوازراوتەوەو بڕیار وایە ئەمڕۆ یەکشەمە ڕێکەوتی ٣١-٨-٢٠٠٨ پەروەندەکەی ڕەوانەی بەردەم دادوەر بکرێ، گرمانی ئەوە دەکرێ کە ئازاد بکرێ.

سەرچاوەکانی هەواڵ جەخت دەکەنەوە کە ناوبراو لەسەر بابەتێکی تەنز ئامێز لەلایەن کوڕی شەهیدێکەوە سکاڵای لەسەر تۆمارکراوەو بەبڕیاری دادوەر دەستگیرکراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە 'بڕەو' مانگنامەیەکی ئازادو سەربەخۆیە، کۆمەڵێک گەنجی شارەزوورو هەڵەبجەی تازە دەری دەکەن. لەدوا ژمارەی ئەم خۆیدا کە لە ١١-٨-٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە تەنزێکی تێدایە و باس لەوێنەی شەهیدێک دەکات، کە گوایە لەسەر وێنەکەی کە لەگوندی گوڵەخانە هەڵواسراوە، وەک شەهیدێکی حزبی سۆسیالیست ناسێندراوە، کەچی لەو وێنەیەی لەهەڵەبجەی تازە هەڵواسراوە، وەک شەهیدی یەکێتیی ناسێندراوە، کوڕی شەهیدەکە سکاڵای لەسەر تۆمارکردووەء دادوەریش فەرمانی گرتنی بۆ دەرکردووە.

خانەقین: هەشت پۆلیسی عەرەب دادەمەزرێندرێن

بەگوێرەی هەواڵەکان ڕۆژی ٢٨-٨-٢٠٠٨ بە فەرمانی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هاتووچۆی پارێزگای دیالە هەشت پۆلیسی هاتووچۆ دامەزرێندراون و ڕەوانەی شاری خانەقین کراون کە هەموویان عەرەبن.

هەر بەگوێرەی هەواڵەکان، بیست پێنج پۆلیسی دیکەی عەرەب دامەزرێندراون و لە ڕۆژانی داهاتوودا ڕەوانەی شاری خانەقین دەکرێن.

جێگەی ئاماژەیە کە لەدوای ڕوخاندنی رژێمی بەعس ئەمە یەکەمین جارە کە پۆلیسی هاتووچۆ دابمەزرێندرێن و ڕەوانەی شاری خانەقین بکرێن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕەوشی شارەکە بەهۆی ئامادەباشی هێزەکانی سوپای عێراق بۆ هاتنە ناو شاری خانەقین ئاڵۆزو شێواوەو خەڵکی خانەقینیش ڕێگە نادەن کە سوپای عێراق بۆ شارەکەیان بگەڕێتەوە.

سلێمانی: کۆرپەیەک لە ئاودەستی نەخۆشخانەیک فڕێ دەدرێ

بەگوێرەی هەواڵەکان ڕۆژی ٢٩-٨-٢٠٠٨ پیاوێک و دووژن سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری سلێمانی دەکەن ، دواتر یەکێک لە ژنەکان دەچێتە تەوالێت و لەوێ کچێکی دەبێ، بەڵام ئەو دایکە دڵڕەقە منداڵەکەی و ویلاشەکەی دەخاتە ناو عەلاگەیەک و لەناو تەوالێتەکە بەجێی دەهێڵێ. پاشان فەرمانبەرێک دەچێتە تەوالێتەکە، عەلاگەکە دەبینێ، لەبەر مەترسی تەقینەوە لێی نزیک نابێتەوە، بەڵام کە دەبینێ شتێک لەناو عەلاگەکە دەجولێتەوە، یەکسەر دەیکاتەوەو منداڵەکە لە مردن ڕزگار دەکات. دواتر منداڵەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەی منداڵبوون دەکەن و بە لایەنی پەیوەندییداری دەسپێرن.

بەگوێرەی زانیاریەکان هیچ زانیارێک سەبارەت بە ژنەکە دەستنەکەتووە، چونکە نەناسراوبووە.

شاندێکی حزبی رزگاریی کوردستان سەردانی کاک محەمەدی حاجی مەحمود دەکات

کاتژمێر ١٠ی ڕۆژی ١٨-٨-٢٠٠٨ شاندێکی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب، هەڤاڵ **هاوکار محەمەد** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هەڤاڵ **حوسێن حەسەن** سەرنووسەری هەفتەنامەی ڕۆژی گەل و هەڤاڵ **سیامان محەمەد ڕەزا** کارگێڕی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن کاک **محەمەد حاجی مەحمود** سکرتێری گشتی حزب بە گەرمیەوە پێشوازی لێکرا، ئەوسا لەدیدارێکی برایانەدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و ئەو گرفتانە کران کە ئێستا بۆ حزبی رزگاریی کوردستان دروست کراون، بەڕێز کاک محەمەدی حاجی مەحمود جەختی لەسەر پێوەندی نێوان هەردوو حزب کردەوەو نیگەرانی خۆیشی بۆ ئەو ڕەوشە پێشاندا کە بۆ حزبی رزگاریی کوردستان دروست کراوە، هیوایشی خواست کە بەزوویی ئەو گرفتە یەکلایی بێتەوە.

شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان سەردانی بارەگای حزبمان دەکات

کاتژمێر ١٢ی ڕۆژی ٢٠-٨-٢٠٠٨ شاندێکی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان کاک **شوکروڵا حەمەدەمین** جێگری سکرتێری گشتی و کاک **چەتۆ بەڕانەتی** ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە شاری هەولێر سەردانی بارەگای حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانیان کرد، کە لەلایەن هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی حزب بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، سەرەتا شاندی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان بە بۆبەی کردنەوەی بارەگای حزب لە شاری هەولێر پیرۆزباییان لە حزبی رزگاریی کوردستان کردو سڵاوو پەیامی سکرتێری گشتی بزووتنەوەیان بە حزبی رزگاریی کوردستان گەیاند، هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەدیش وێڕای بە خێرهێنانیان، سوپاسی هەڵوێستی ئەوانی کردو جەختی لەسەر گرنگی و پێویستی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کردەوە. ئەمەو دیدارەکە زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند.

سکرتێری پارتی نیشتمانی کوردستان سەردانی بارەگای حزبمان دەکات

کاتژمێر ١١ی ڕۆژی ٢١-٨-٢٠٠٨ کاک **بێکەس حەمەد قادر** سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی نیشتمانی کوردستان، لە شاری هەولێر سەردانی بارەگای حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانیان کرد، کە لەلایەن هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی حزب بە گەرمیەوە پێشوازی لێکرا، بە بۆنەی کردنەوەی بارەگای حزب لە شاری هەولێر، سکرتێری پارتی نیشتمانی کوردستان پیرۆزبایی لە حزبی رزگاریی کوردستان کردو هیوای خواست کە پێوەندی نێوان هەردوو حزبی رزگاری و پارتی نیشتمانی کوردستان قوڵتر بکرێتەوە، ئەوسا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و ناوچەکە کرا، هەردوولا هاوڕابوون کە دەبێ یەکڕیزی کوردستانیان بپارێزرێ و هەوڵی دروستکردنی یەک گوتاری کوردستانی بدرێ بۆ گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان.

سکرتێری حزبی رزگاری سەردانی یەکێتی شۆرشگێڕانی کوردستان دەکات

کاتژمێر ١١.٣٠ی ڕۆژی ٢٩-٨-٢٠٠٨ هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان سەردانی بارەگای یەکێتی شۆرشگێڕانی کوردستانی کرد، بەگەرمیەوە لەلایەن **دایە خانم** سەرۆکی یەکێتی شۆرشگێڕان و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتیەوە پێشوازی لێکرا، دواتر لەدیدارێکدا کە بەڕێزان کاک **سمکۆ یەزدانپەنا** سکرتێری یەکێتی شۆرشگێڕان و **کاک شوانەی مەحمودی و کاک کەمالی خزری** ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی شۆرشگێڕان ئامادە ببوون، باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و پێوەندی نیوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرا، هەردوولا جەختیان لەسەر گرنگی و پێویستی پێوەندی نیوان لایەنە سیاسیەکان، بەتایبەتیش پێوەندی نێوان لایەنە سەربەخۆخوازەکان کردەوە.

ئەم تابلۆیە بەرپرسانی ئێران تووڕە دەکات

لە سەر ڕێگەی چوونە دەرەوە لە شاری بەدرە، ئەم تابلۆیە هەڵواسراوە، کە نەخشەی عێراق و ئێرانی لەسەر وێنەکراوە، لە سەری نووسراوە، تیرۆری هاتوو لە وڵاتانی دراوسێ رابگرن. بەگوێرەی مالپەڕی **تابناک** بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەمە بە سوکایەتی پێکردن دادەنێن و نیگەرانی خۆیان پێشان دەدەن.

بەگوێرەی هەواڵەکەی مالپەڕی تابناک، ئەو تابلۆیە لە ڕێگەی نێوان بەدرەو شاری کوت داکوتراوە. ئێرانیەکان بەم تابلۆیە تووڕەو نیگەرانن، چونکە ئەمریکا بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێران پشتیوانی گروپە تیرۆریستیەکان دەکات و ڕەوانەی ناو عێراقیان دەکات، بەڵام حکومەتی عێراق هاوڕایی لەگەڵ ئەمریکادا ناکات، ئەمە تابلۆیە وەک نیشانەی هاوپشتی لەگەل ئەمریکا پێوانە دەکرێ.

ڕۆژنامەنووسێک هەڵوێست وەردەگرێ

ڕۆژنامەنووس **دیاری محەمەد** لە ڕووبەڕووبونەوەیەکدا کە دانەیەکی بۆ ڕۆژی گەل ڕەوانە کردووە، ڕایگەیاندوە، لەبەرئەوەی بکوژانی شەهید سۆران مامەحەمە نەناسێندراون و دادگەیی نەکراون، واز لە کارەکەی دەهێنێ.

دیاری محەمەد لە ڕووبەڕووبونەوەیکەیدا نووسیویەتی:'لەدوای تیرۆرکردنی شەهیدسۆران مامە بڕیارم دا ئەگەر تا چلەی ماتەمینی، بکوژانی سۆران ئاشکرا نەکرێن و نەدرێنە دادگە واز لەکاری ڕۆژنامەنوسی دەهێنم، چیتر کارێک ناکەم کەلەلایەن دەسەڵاتی هەرێم بەسووک سەیربکرێت و وەها سەیربکرێت کەئەوەی قەڵەمی بەدەستەوەیە دەیەوێت دەسەڵات بروخێنێت و لەجێگەی ئەوان کەسێکی تر بهێنێتە سەر کورسی دەسەڵات'

دیاری محەمەدی ڕۆژنامەنووس لە درێژەی ڕووبەڕووبونەوەکەیدا ڕووی دەمی لە بەرپرسان کردووەو نووسیویەتی: 'پێویستە بەخۆتان دابچنەوە دەست لەدژایەتیکردنی قەڵەم بەدەستەکان هەڵبگرن و لەجیاتی ئەوەی کەلەپچە بخەنە دەستی پەیامنێر و ڕۆژنامەنوسان، پێویستە خەڵاتی زێڕین لەدەستیان بکرێت.

ئاگاداری.. ئاگادری

وڵاتێیک سالیانەی ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆی بزر کردووە سالیانەکە بەناوی (محەمەد ئیسماعیل جانۆ)یە و سڵیانەکەش هی تۆیۆتایکی مۆدێل ١٩٩٢و ژمارکەشی ١٦٣٣٧، هەر کەسی دۆزیویەتیەوە بەم ژمارە تەلەفۆنە ٠٧٧٠١٥٠١١٥١ پەیوەندی بە کار ڕێبوارەوە بکات کە دانیشتووی شاری رانیەیە.

هەواڵی سەیر
پەرسی ڕاپرسی

بەگوێرەی هەواڵێکی هاتوو لە دەڤەری چەمچەماڵ، چەند کەسێکی دانیشتووی ناحیەیکی دەڤەری چەمچەماڵ خانووەکانی خۆیان بۆ فرۆشتن داناوە، بەهۆی ئەوەی کە گوایە کەسێکی چاوپیس دراوسێی ئەوانەو سەیری هەر شتێک بکات یەکاویەک لێی دەداو زیانی پێدەگەیەنێ.

کەسێک لەڕێگەی ئیمایلەوە هەواڵێکی سەیری بۆ هەفتەنامەی ڕۆژی گەل ناردووەو جەخت دەکاتەوە کە پیاوێکی چاوپیس لە دەڤەرەکەیاندا هەیە، سەیری هەر شتێک بکات زیانی پێدەگەیەنێ، ئێستا وای لێهاتووە کە دراوسێکانی ئەو پیاوە بۆ دەربازبوون لە چاوی ئەو کەسە خانووەکانیان بەنرخێکی کەم بۆ فرۆشتن دابنێن، کەچی کەس لێیان ناکڕێ.

لەهەفتەی ڕابردوو دوو هەلی کۆپتەری ئەمریکی کە ڕەنگیان شین بووە بەسەر ئاسمانی گوندی پۆرپچەی نزیک شاری هەولێر هەڵفڕیون و سوڕاونەتەوە، بەڵام دانیشتووانی گوندەکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بە چەکێکی ئاگردار چەند شوێنێکیان بۆردومان کردووە، لەم پێوەندەدا وتەبێژی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی سەر بە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق ڕایگەیاند دوو کۆپتەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دەوروپشتی گوندی پۆرپچە بوون. بە هیچ جۆرێک لە لایەن ئەم دوو کۆپتەرەوە تەقە نەکراوە و ڕێوشوێنی ناپەسەند نەگیراوەتە بەر، بەڵام سیستەمی پارێزگاریی ئەم دوو کۆپتەرە ڕێوشوێنی بەرگریی ئۆتۆماتیکیان بەکار هێناوە کە لەوانەیە خەڵکی گوندەکە وەک ئاگری چەک لێکیان دابێتەوە. بەکارهێنانی ئەم ڕێوشوێنانە هیچ مەترسیێکی لەسەر وڵاتیانی مەدەنی و مولک و مااڵ و کەلوپەلی ناوچەکە دروست نەکردووە.

کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاندووە کە بە بڕیارێک ڕێگە بەو ئاوارانە نادرێ کە ١-١-٢٠٠٨ەوە تا ئێستا گەڕاونەتەوە کەرکوک و کۆپنی خۆراکیان بۆ کەرکوک گواستۆتەوە، بەشداری لە دەنگدان دا بکەن، بەوهۆیەوە نزیکەی ٧٠٠٠٠ دەنگدەری کورد لەسنووری پاریزگای کەرکوک دەنگیان دەفەتێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە تا ئێستاش سەرکردایەتی کوردستان جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکات و هانی ئاوارەو دەرکراوەکان دەدات تا بۆ شوێنی باب و باپیرانیان بگەڕێنەوە!

لە دوای ئاڵوزبوونی ڕەوشی جەلەولاو قەرەتەپەو جەبارەو خانەقین، هەندێک لە تورکمانەکانی دەرەوەت بەڕەی تورکمانی ویستیان دۆستایەتی خۆیان بەرانبەر بەکورد پێشان بدەن و هاوسۆزی لەگەل کوردستان بنوێنن، بەوهۆیەوە داوایان لە چەند بەرپرسێکی حزبەکانی ناو کەرکوک کردبوو کە باشیترواییە لەم کاتەدا دەستووری هەرێمی کوردستان دەنگی لەسەر بدرێ و مافەکانی تورکمان و ئاشووری تێدا بەرجەستە بکرێ، ئەمەش وەک زەمانەتێک بۆ قسەکانمان تا باوەڕ و متمانە بۆ ئەوانەی دیکەش پەیدا بکەین، بەڵام یەکێک لە بەرپرسەکان پێیانی گوتبوو کە ئێمە لە لێدوان و وتارەکانی خۆماندا زەمانەتی ئەخلاقیمان بە تورکمان و بە ئاشووری داوە، بۆیە هەقە نیگەران نەبن، ئەوانیش گوتوبوویان کاتی خۆیشی غازی یاوەرو ئەیاد عەلاوی زەمانەتی ئەخلاقیان بەکورد داو ڕایانگەیاند کە کێشەی کەرکوک چارەسەر دەکەن، بەڵام کوا؟؟ ڕۆژ بەڕۆژ کێشەکان گەورەتر دەبنەوە. تکایە وەکو خۆتانمان لێ مەکەن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com